# گفتوگۆی سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەگەڵ لیدەری حزبو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی

**راگایەندنی کۆتایی هاتنی پلنومی 15ی کۆمیتەی ناوەندی ئاماژە بەوەدەدات کەئەم پلنۆمە گرنگی‌یەکی تایبەت دەدات بەجیهەتگیری‌یەکانی داهاتووی حیزب، لەمبارەوە پرسیارمان ئەوەیە کەسەرەکی‌ترین باسەکانی ئەم پلنۆمە و جیهەتگیری‌یە سیاسی‌یەکانی چی بووە وە چ بریارو هەنگاویك لەراستای بەکردەوە دەرهینانیدا پەسەندکراوە؟**

**ریبوار ئەحمەد**: وەکو لە ووتەی کۆتایی پلنیۆمدا بە کورتی باسم کردوە ئەم پلنیۆمە هەم لە رووی ژیانی ناوخۆیی حیزبو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریەوەو هەم لە رووی هەڵومەرجی سیاسی ئیستای کۆمەڵگای عیراقەوە بایەخیکی تایبەتی هەبوو. لە پەیوەند بە هەڵومەرجی حەساسو ئاڵۆزی ئیستای عیراقەوە پلنیۆم بە ووردی دەستی خستە سەر گرێو کیشە سەرەکیەکانی ئیستای کۆمەڵگاو لە بارەیانەوە نەخشەو هەنگاوی کارسازی خستە دەستوری حیزبەوە. لە ئاستی سەراسەری عیراقدا مەسەلەی داگیرکاری ئەمریکاو بەم پیەش شەرو کیشمەکیشیکی تیرۆریستی کە هەڵومەرجیکی کارەساتباری خولقاندوە، هەروەها مەسەلەی داروخانی ژیانی مەدەنی، وەکو دوو گرفتی ئانیو سەرەکی خرانەروو. لەسەر ئەم بناغەیەش پلنیۆم نەخشەیەکی هەمەلایەنەی دارشت بۆ چۆنیەتی شکلدان بە قوتبو بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری گەورە، بزووتنەوەیەك کە بتوانی ریزیکی فراوان لە ئاستی عیراقو جیهاندا لە دەوری پلاتفۆرمیکی سادە بۆ کۆتاییهینان بە داگیرکاریو سازدانەوەی مەدەنیەت لە عیراقدا بهینیتەمەیدان.

لەم بارەیەوە بریاردرا لەسەر پیکهینانی ریکخراویکی سیاسی جەماوەری هەمەگیر، کە هەم ئەحزابو ریکخراوەو دامەزراوەکان، بەپێی ئوصولو پیوانەی دیاریکراو دەتوانن پیوەی پەیوەستبنو ببنە ئەندامی. ئەم ریکخراوە لە دەوری پلاتفۆرمیك بۆ کردنەدەرەوەی ئەمریکاو دەرکیشانی کۆمەڵگا لە دەستی هیزەکانی سیناریۆی رەشو سازدانەوەی سەرلەنوێی ژیانی مەدەنی پیکدیت. ئەم ریکخراوە دەیەوێ هەموو هیزو بەرەی ئازادیخوازو متمدنو رادیکال هەم لە عیراقو هەم لەسەر ئاستی جیهاندا، لە دەوری ئەو ئامانجانە بەشیوەی جەمسەرو هیزیکی کاریگەرو فراوان ریکبخاتو بهینیتەمەیدان.

لەپەیوەند بە کۆمەڵگای کوردستانیشەوە لە دریژەی ئەو باسانەی کە لە پلنیۆمی پیشودا کرابوونو ئەنجامگیریەکەی بوو بە هینانەوە گۆری خواستی جیابونەوەی کوردستانو ئەمە بەبەیانیك لەلایەن پلنیۆمی 14ەوە راگەیەنرا، ئەم پلنیۆمە زیاتر چوە سەر چۆنیەتی هەڵگرتنی هەنگاوی پیویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم تەرحە. بە تایبەتی کە هەڵومەرجەکە لە هەموو رویەکەوە پیویستی ئەم تەرحە بەرجەستەتر دەکاتەوە. رەوتی ئاڵوگۆرەکانی عیراق رۆژ بەرۆژ بەو ئاقارەدا دەچیتەپیش کە هیچ بواریك بۆ چارەسەری کیشەی کوردو دەستەبەرکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا ناهیلیتەوە. ئیسلامی سیاسیو هیزە عەشیرەتیو قەومپەرستەکان لە سایەی داگیرکاری ئەمریکادا خەریکە دەبنە بریاردەر لە عیراقدا. ئەم هیزانەش لە دەمی غازی یاوەری دەمراستیانەوە راشکاوانە پەیامی فاشیانەی خۆیان بە خەڵکی کوردستان راگەیاندوە. بۆیە لە ئیستادا جگە لە جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ ریگایەکی تر لەبەردەم خەڵکی کوردستان نەماوەتەوە. بەلام هاوکات پلنیۆم جەختی لەسەر ئەوەش کرد کە لە ئیستادا زەمینەو هەڵومەرج بۆ جێبەجێ بوونی ئەم خواستە لە هەموو کاتیك گونجاوترە. دەولەتی مەرکەزی کە هەمیشە مانعی سەرەکی بەردەم ئەم مەسەلەیە بوەو بە ئاگرو ئاسن ئەم خواستەی سەرکوت کردوە، ئیستا وجودی نیەو ئەوەی ناوی نراوە دەولەت وشکەکەلەكو قاوغیکی بی ناوەرۆکە کە خۆی پی پاس ناکرێ. بۆیە سەرباری نیەتی چەپەڵو فاشیانەی توانای ئەوەی نیە بەر بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگریت. هەروەها هەموو فاکتەرە نیونەتەوەییو ناوچەیەکان بە

قازانجی بوارکردنەوە بۆ جێبەجێ بوونی ئەم تەرحە گۆراون، هەموو موخالفینی ئەم تەرحە دوچاری گرفتاری خۆیانو توانای ریگری دروستکردنیان لاواز بووە. بۆیە پلنیۆم جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم کارە هەم بە تەواوی پیویستەو هەم کاتی خۆیەتیو دەبێ جێبەجێ بکریت.

بۆ ئەم مەبەستە بریاردرا ریکخراویك پیکبهینریت بە مەبەستی هەولدان بۆ کۆتایهینان بە سەرگەردانی کوردستانو کیشەی کوردو بەم جۆرەش ئاوکردن بەسەر ئاگری شەروکیشەی کۆنەپەرستانەی قەومیدا کە لایەنە ناسیونالیستو قەومپەرستەکان باوەشینی دەکەن. مەبەست ئەوەیە بۆ وەلامدانەوەی خیرا بەم گرفتە بنەرەتیەی کۆمەلگای کوردستان، لە دەوری پلاتفۆرمیك بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان، ریکخراویکی سیاسی جەماوەری گەورەو کاریگەر پیکبهینریت، کە بتوانی هەموو ئەو هیزەی کە خۆی لەو ئامانجەدا بە شەریك دەزانێ کە ریفراندۆمیکی ئازاد لە کوردستاندا بەرپابکریت بۆ بریاردان لەسەر جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینی، لە دەوری خۆی ریکخراو بکات. ئەم ریکخراوەش دیسان ئەحزابو ریکخراوە جۆراوجۆرەکان بە پێی پیوانەی دیاریکراو دەتوانن ببنە ئەندامی. لە هەمانکاتدا ئەم ریکخراوەش نە تەنیا لە ئاستی کوردستانی عیراقدا، بەلکو لەسەرتاسەری دنیادا بۆ ئەم ئامانجە کار دەکاتو ئەندامگیری دەکاتو هیز کۆدەکاتەوە.

بە بروای من ئەم دوو پرۆژەیە لە هەلومەرجی ئیستای عیراقو کوردستاندا بایەخیکی زۆر تایبەتیان هەیەو دەتوانن زامنی کۆتاییهینیان بەم هەلومەرجە کارەساتبارەو کیشە ئالۆزەکانی ئیستابن، لە هەمانکاتدا  دەروازەیەکی گەورە بەرووی کۆمۆنیزمی کریکاریدا دەکەنەوە بۆ تەبدیل بوون بە هیزو حیزبیکی سیاسی جەماوەری خاوەن قودرت کە بتوانی راستەوخۆو بی دەرنگ دەست بۆ دەسەلاتی سیاسی بەریتو ئایندەی کۆمەلگا بە بەدیلی رزگاری بەخشی خۆی بنەخشینێ. لە روانگەی منەوە ئەم پرۆژانە دریژەو تەواوکەری ئەو جهەتگیریو باسانەن کە لە پلنیۆمی 14دا سەبارەت بە بیناکردنی حیزبی سیاسی بوومانو لەم پلنیۆمەدا هەم لە رووی سیاسیو هەم لە رووی ریکخراوەییەوە چەند هەنگاوی تر لیی چوینەپیشەوە.

بەلام ئەم پلنیۆمە بایەخیکی ناوخۆیی زۆر گرنگو تایبەتیشی هەبوو. ئەوەبوو  لە چەند مانگی پیشوودا ئالوگۆرو ئینشقاقیکی گەورە لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیراندا روویداو کاریگەری خۆی لەسەر سەرجەم بزووتنەوەکەو بەم پیەش لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق دانا، ئەوە زۆر مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە ئەم پلنیۆمە چۆن ئەو رووداوە هەلدەسەنگینێو چ هەلویستیکی لی دەگریت. رەوتی چەپی سوننەتی جیابونەوەیەکی نەخوازراوو ناوەختی بەسەر ئەم حیزبەدا سەپاند. بەم جۆرەش زەربەیەکەی گەورەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری وەشاند. منصور حکمت سالەها تیکۆشاو ئەم حیزبەی خشت بەخشت بیناکردو کردی بە هیزیکی گەورەی جیگا ئومیدی ملیونەها کەس، بەلام پاشماوەی چەپی سونەتی لە دەرونی ئەم حیزبەدا بە دەوری خۆی بوە مایەی دروستکردنی گومانو دلساردی کۆمەلگاو ئەم جەماوەرە بەرینە بەرامبەر حیزبی منصور حکمت. لەمەش زیاتر ئەم رەوتە سونەتیە پەلاماری گشت ئەو دەسکەوتە سیاسیو فکریو عەمەلیو حیزبیانەیدا کە منصور حکمت بە سالەها کاری بیوچان وەکو دەسکەوتو ئیزافاتی گەورە خستبوەیە سەر مارکسیزم.

بەرپەرچدانەوەی ئەم پەلامارەو رەواندنەوەی ئەو دلساردیو گومانە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقی خستەبەردەم مسئولیەتیکی میژوویی گەورەوە. دەبوو دەخالەتیکی چالاكو پەیگیرانە بکات لەو ئالوگۆرانەی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیراندا. لە سەرەتادا بە مەبەستی بەرگرتن لە دوو شەقە بوونی حیزبو لاوازکردنی ریزی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری، دوای ئەوەش کە سەرئەنجام ئەم ئینشقاقە سەپینرا، ئەم حیزبە وەکو بەشیکی سەرەکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری دەبوو بۆ بەرگری لە دەسکەوتەکانی منصور حکمتو رەوتی حکمتیزم دەخالەتیکی کارساز بکات.

حیزبی ئیمە بەم دەورەی خۆی هەلساو رۆلیکی گرنگی گیرا لەم ئالوگۆرەدا. بالی چەپی سوننەتی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران لە بەرامبەر ئەم هەلویستو دەورە میژوویەی حیزبی ئیمەدا سیاسەتیکی دوژمنکارانەو پاسیفیستیو دژی کۆمۆنیستی گرتەپیشو بە هەموو توانا کەوتە هەولدان بۆ دوپاتکردنەوەی هەمان سیناریۆو دوو شەقەکردنی حیزبی ئیمە. رابەریو کادرانو ریزەکانی ریخستنی حیزب پەیگیرانە لە بەرامبەر ئەم سیاسەتی تیکدەرانەیە راوەستانو وەحدەتی حیزبیان پاراستو هاوسەنگی هیز بە قازانجی رەوتی کۆمۆنیزمی کریکاری گۆرانی بەسەرهات. بەم جۆرەش پیلانی رەوتی چەپی سوننەتی بەرامبەر حیزبی ئیمە ناکام مایەوەو بە دەستی بەتال لەم کیشمەکیشە چوە دەرەوە. پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی یەکەمین پلنیۆمی دوای ئەم رووداوە گەورەیە بوو، کە بەراوەستانی یەکدەستو پەیگیرانەی لەپشتی هەلویستی رابەری حیزبو وەلامی شایستەی بە تەقەلاکانی چەپی سوننەتی بۆ تیکدانی ریزەکانی حیزبمان، بە یەکجاری ئەم دەورەیە لە کیشمەکیشی بە قازانجی کۆمۆنیزمی کریکاری کۆتایی پیهینا.
هاوکات پلنیۆم لەسەر ئەم جهەتگیریە زیاتر چوەپیشەوە هەنگاوی گەورەی لە پیناو دابرانی یەکجاری لە سوننەتو تفکرو بۆچونەکانی چەپی سوننەتی هەلگرت. لەم بارەیەوە لە مەسەلەی بیناکردنی حیزبیکی سیاسی کۆمۆنیستیو جەماوەریو مودیرن قولبوەوە. چ لە رووی سیاسیەوەو چ لە رووی بنەما ریکخراوەیەکانی حیزبی سیاسیەوە هەنگاوی کاریگەرو پیشرەوانەی خستە دەستورەوە، چەندین بریارو بەلگەنامەی گرنگی پەسەند کردو لەسەر بناغەی باسو جهەتگیریەکانی پلنیۆمیش تەواوکاری ئەم مەسەلەیەی بە مەکتەبی سیاسی سپارد.

**هەروەك دەردەکەوی لەراگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمدا حیزب جیهەتیکی تازەی بۆ رەوتی دەخالەتگەری خوی لەنیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا داناوە، بەرای ئیوە حیزب لەگەل چ ئەولەویات و نەخشەعەمەلیك لەراستای بەرەو پیشبردنی سیاسەت و جیهەتەکانی ئەم دەورەیەیدا بەرەو رووە؟**
**سەمیر عادل**: بەبروای من پلنۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی، لە دریژە و تەواوکردنی ئەوبابەت و مەسەلانەدابوو کە پلنۆمی 14 لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا خستیەروو. پلنۆمیك کە تیادا وەلامی پرسیاری ئەوەی دایەوە کە تایبەتمەندی و جیاوازیەکانی حیزبیکی سیاسی کۆمەلایەتی چیە لەگەل هەرحیزبیکیترداو بەم جۆرەش میکانیزمەکان و رەوەندی خەبات بەرەو دامەزراندنی حیزبیکی دلخوازی خستەدەستوورەوە. بەواتایەکی تر، ئەگەر پلنۆمی 14 حیزبی ئیمەی لەراستای بینای حیزبیکی سیاسیدا خستە سەر ریگایەکی دروست، ئەوا پلنۆمی 15 لەبارەی چۆنیەتی تەواوکردنی ئەم ریبازەو گۆرینی بەکردەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بەهیزیکی کاریگەر و بەتوانا لەنیو هاوکیشە سیاسیەکانی ئەمرۆی عیراقدا پیناسەکردەوە و هانگاوەکانی پەسەندکرد.
بەلام پلنومی 15 لەبارودۆخیکی گرنگ و هەستیار، چ لەئاستی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و چ لەروانگەی بارودۆخیکی سیاسی و ئەمنیدا بەسترا کەکۆمەلگای عیراق پییدا تیپەردەبی. لەم ئاستانەشدا رابەری حیزب، توانی هەلویستیکی رۆشن و راشکاوانە نەك هەر لەراستای کیشەی جیابوونەوە و قەیرانیکەوە کە رووی لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران کرد، هەلویست وەربگری و داکۆکی لەسەر ریزی یەکپارچەی کۆمۆنیزمی کریکاری و ئالای مەنسور حیکمەت بکات، بەلکو تەئکیدی لەوە کردەوە کەحزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق تەنها ئامرازی رزگاری کۆمەلگای عیراقە لە بارودۆخی نائارامی و بیکاری و چوونە ژیر پرسیارەوەی ئازادیەکان وسەنگەریکە بۆ دەرکیشانی خەلکی عیراق لەنیو سیناریۆی جەنگی تیرۆریستانی ئەمریکاو دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی و پاشماوەکانی رژیمی بەعس. پلنۆمی 15 جاریکی تر پیداگربوو لەسەر هەمان هەلویست و

جیهەتیك کە لیدەری حیزب ریبوار ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی رایان گەیاند ولەویشدا ئەو کۆمەلە بریارو مەوازین و سوونەتانەی پەسەند کرد کە بۆ بینای حیزبی سیاسی پیویستن.

هەروەك ئاماژەم پیدا پلنیۆم لەسەر ئاستیکیتر و لەپەیوەند بەبارودۆخی سیاسی عیراق و باری ئەمنی یەك کەتادیت توند دەبیتەوە باسەکانی خۆی بردە سەر میکانیزمەکانی دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەم هەلومەرجە و هەولدان بۆهینانە کایەوەی حکومەت و دەسەلاتیکی دلخوازی خەلك. ئەمەش گرنگترین مەسەلەی پلنیۆم بوو. لەمبارەشەوە پلنۆم بریاری پیکهینانی چوارچیوەیەکی ریکخراوەیی و سیاسی و لائیحەی ئەو ئەرکانەی کە بۆ رزگارکردنی خەلکی عیراق لە داگیرکاری و گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگا و ئەو هەنگاوە سیاسی و ریکخراوەیی و چەکداریانەی کە پیویستن بۆ دامەزراندنی حکومەتیکی سکولاری نەقەومی و نە مەزهەبی پەسەندکرد. ئەم چوارچیوەیەی کە ئاماژەم پیدا دەتوانی ببیتە هەوین و چوارچیوەی کۆکردنەوەی هیزە عەلمانی و ئازادیخوازەکان، نەك تەنها لەسەر ئاستی عیراق بەلکو لەدنیادا و لە ئاستی ولاتانی ئاسیاو ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکای سەرووش. بەبروای ئیمە نارەزایەتی خەلکی کە رۆژ بەرۆژ لەبەرامبەر داگیرکاری ئەمریکادا بەرەو پەرەسەندن دەروات و خواستی گیرانەوەی مەدەنیەت لەعیراقدا دینیتە کایەوە، وە ئەمەش دەتوانی بنەماو زەمینەی ئەم تەرحەو جیهەتی کارمان بیت. لەلایەکیتریشەوە فراوان بوونەوەی مەودای نارەزایەتی جەماوەری بەرامبەر بە تاوانەکانی ئیسلامی سیاسی کە بۆ تەبریرکردنی سیاسەتە دژی ئینسانی و تاوانکاریەکانی خۆی، فرسەتی لە وجودی ئەمریکا وداگیرکاریەکەی وەرگرتووە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لەم پلنۆمەدا سووربوو لەسەر ئەوەی کەوەك سومبولی دیفاع لەئینسانیەت راوەستی وخەبات بۆ کۆتایی هینان بەداگیرکاری ئەمریکا و دەست کۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیانی کۆمەلگا و بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و ئازادی و بژیوی جەماوەر سەرسەختانە تیبکۆشی.

هەروەها پلنۆم بارودۆخی کوردستانی عیراقی بەوردی تاوتوی کرد و پیی لەسەر ئەوە داگرت کەنابی کوردستان بکریتەوە پاشکوی عیراق و داهاتووەکەی راکیشریتە نیو ئاسۆیەکی تاریکەوە کەئیستا لەپیشچاوە. لەمبارەشەوە پلنۆم بریاری لەسەر پیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری، لەپیناو بەرپاکردنی ریفراندۆمیك لەکوردستان و بریاری خەلکی کوردستان بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەولەتیکی سکولاری غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی دا. ریکخراویك کە کاربکات بۆ ئەوەی خەلکی کوردستان ریکخراو و ربەرایەتی بکات و پشتیوانی جیهانی بۆ خواستەکانیان بەدەستبهینی و لەیەك بزوتنەوەی فراواندا بەرەو بریاردانی چارەنوسی خۆیان ریکخراویان بکا و بەرەو چارەسەری یەکجاری کیشەی نەتەوایەتی رینماییان بکات، کیشەیەك کەسالانیکی زۆرە بۆتە موسیبەتی سەرسەریان.

بەکورتی پلنۆمی 15 بانگەوازیك بوو بۆ دەستپیکردنی خەباتیك کە کۆمۆنیزمی کریکاری دەکاتە ئامرازی دەستی جەماوەری خەلك چ لە عیراق و چ لەکوردستان، بۆئەوەی ئاوات و ئامانجەکانیان لەراستای ئازادی و خۆشبەختیدا بهینێتەدی. دەرکیشانی کۆمۆنیزمی کریکاری لەنیوەندی مەکتەبەکان و لەبیری رۆشنبیرانیکی چەپ و بۆ لیکدانەوەی دنیا و بینەوبردەکانیان و کردنی بە ئامرازی ئالۆگۆربەخش. بەتایبەتی کە کۆمۆنیزمیك نەتوانی ژیانی خەلك بگۆری و بەرەو دەسەلات هەنگاو هەلنەگری، ناتوانی ئەو کۆمۆنیزمەبیت کە هاوریی نەمرو ئازیزمان مەنسور حیکمەت پیداگری لەسەرکرد... ئەمانە ئەو جیهەت و ئەولەویاتانەبوو کە پلنۆم بریاری لەسەر داو خستیە بەردەم کاری داهاتووی حیزبەوە.

**بەگشتی ئەنجامەکانی پلنیۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی چۆن لێکدەدەنەوە؟ وە چ تەوەقوعێکتان لیٚی هەیە؟ هاوکات چ جێگایەکی تایبەتی ئەم پلنیۆمە لە ژیانی سیاسی حیزبدا و لەخەباتی دا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبینن؟**

**سامان کەریم**: سەرەتا بە پێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتی ئێوە بکەم، بۆ ئەم فرسەتەی کە بەهاوڕێیانی ڕابەری حیزبتان داوە لەماڵپەری حیزبەوە. ئەم هەنگاوەی ئێوە هەنگاوێکی پۆزیتیڤەو هیوادارم سەرەتایەك بێت، کە ماڵپەری حیزب بکاتە ماڵپەرێکی نمونەییو سەرنج ڕاکێشو لە هەمانکاتدا بیرو بۆچونی ئەندامانی ڕابەری حیزب بۆ هەموو کەس فەراهەم بکاتو بە ئاسانی دەستیان پێی بگات.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان کە لەراستیدا سێ پرسیاری جیاوازەو لە پرسیارێکدا کۆکراوەتەوە، بۆیە منیش بە هەمان شێواز وەڵام دەدەمەوە، واتە وەڵامەکانم دەکەم بە سێ برگە یان بەشەوە. لە پەیوەند بەبەشی یەکەمی پرسیارەکەتانەوە، من بەگشتی ئەنجامەکانی پلنیۆمی 15 بە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ هەڵدەسەنگێنم. بۆ ئەمەش چەند بەڵگەم هەیە، یەکەمیان باسە سیاسیەکانی پلنیۆم بوو سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراقو چۆنیەتی دەربازبون لێی کە پلنیۆم بە رای گشتی بڕیاری لەسەر پرۆژەیەکی سیاسی نوێدا، کە لەماوەیەکی کورتدا بلاَو دەبێتەوە، ئەویش پێکهێنانی رێکخراوەیەکی فراوانە بۆ رزگارکردنی عێراق لە چنگ داگیرکەرانو گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆی، کە مەودایەکی جیهانی هەیە. هەروەها یەکدەست بون سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی حیزب لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی داهاتوی عێراقەوە، کە لە بەیانی پلنیۆمدا هاتووە بلاَوبۆتەوە، لیرەدا ئاماژە بەگاڵتەجاری ئەم هەڵبژاردنە کراوە، بەوەی کە هیچ بناغەو مەرجێکی هەڵبژاردنی تێدا نیە، بەڵکو درێژە پێدانی سیاسەتێکە لەلایەن هێزەکانی سیناریۆی ڕەشەوە بۆ شەرعیەت دان بەخۆیانو دیاریکردنی سیستەمی دەسەلاَتی ئاییندەی عێراق. بۆیە پلنیۆم بەشێوەیەکی ڕۆشن داوا لەخەڵك دەکات کە بەشداری نەکەنو بەخەباتی یەکگرتوی خۆیان ئەم هەوڵەی هیزە قەومیو ئیسلامیو تائیفیەکانو ئەمەریکا ناکام بکەنەوە، هەروەها خەباتی خۆیان درێژە پێبدەن لەپیناو دەستراگەیشتن بە حکومەتێکی سکولارو غەیرە قەومی. لەخالێکی تردا باسی کوردستان بوو کە سەرەڕای جەخت کردنەوە لەسەر ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان بەگشتی برِیاردرا کە رێکخراوەیەك پێك بێت بەناوی رێفرندۆم بۆ سەربەخۆی، ئەم خاڵە بۆ خەڵکی کوردستان مەسەلەیەکی هێجگار چارەنوسسازە. چونکە ئەحزابی دەسەلاَتداری کوردستان دەیانەوێت ژێر بەژێرو لە ژێر ناوی هەڵبژاردندا خەلکی کوردستان بەزۆر بخەنەوە ژێر باڵی ڕەشی ئیسلامیەکانو قەومیەکانو تائیفەیەکان، لیرەدا جەخت لەسەر ئەوەبو کە ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن زامنی بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵك دەکات لەکوردستان. مەسەلەیەکی تر ئەوەبوو کە لە پلنیۆمدا چەندین بڕیارو پرۆژەی سیاسی نوێ بەتێکرایی دەنگ یان بەزۆربەی زۆری دەنگ بڕیاریان لەسەر درا، کە لەبەشی سێهەمی وەلامەکەدا دێمە سەر هەندێکیان.

ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ تەوەقعی من سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئەم پلنیۆمە، ئەمەیان ئیتر وەڵامێکی عەمەلی دەخوازێ و هەمیشە پەیوەندی هەیە بە ئامادەیی ڕابەریو ریزێکی فراوان لەکادرانی پشت ئەستور بەسیاسەتەکانی حیزب. لەمبارەوە دەمەوێت بلێم کە لە پلنیۆمدا ریزیکی تا ڕادەیەك بەرچاو لە کادرانی حیزب بەشداریان کردو ئەمەش دەبێتە مایەی ئینجسامێکی سیاسی زیاترو هاودڵی زیاتر لە لایەکی تریشەوە، بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی حیزب لە ماوەیەکی نزیکدا درا، کە کۆمەك دەکات بە بردنەپێشەوەی ئەم پرۆژانەو هاتنە دەرەوەی ریزیکی تر لەڕابەری بەلاَم خالێك کەمن دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە لە پلنیۆمداو دواتریش لەکۆبونەوەکانی مەکتەب سیاسیدا باس لە ڕابەری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان بوو، بەشێوەی تایبەتو دیاریکراو، ئەم خاڵەیان بەشێوەیەکی فراوان فاصلە دەگرێت لەگەڵ ڕابەرایەتی حیزب بەمانای دیاریکراوترو بەرتەسکتری ووشەکە، کە دەتوانم بلێم ئەمە پۆزەتیف بوو. من پیم وایە کۆمۆنیزم لە عێراقدا سەرەڕای ئەوەی کە دەیان کەناڵی لێ داخراوە لەسایەی سیناریۆی رەشدا بەلاَم بزوتنەوەیەکی زیندوو واقعیە. بەم پێیە پلنیۆم دەستی خستنە سەر گرێو گۆلە بناغەییەکان، وە ئەمە سەرەتایەکە بۆ تەوەقوعێکی پۆزەتیف.

دوابەشی پرسیارەکەتان: پلنیۆمی 15، یەکەم پلنیۆم بوو کە دوای لیك ترازانو دووپارچەبونی حیزبی کۆمۆنیسی کرێکاریی ئێران بەسترا. لەمبارەوە ئێمە کەمیك دواکەوتین. بەڵام جێگایەگی تایبەت کە دەتوانێت ئەم پلنیۆمە بی بێت، ئەوەیە کە پلنیۆم لەگەل رێزیك لە کادرانو بەرپرسانی حیزب، واتە پلنیۆمیکی فراوان، بە ئینسجامیکی باڵاوە وە بەتەوقعێکی باڵاوە سەبارەت بەو ڕوداوە هاتە دەرەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو چەندین بڕیاری سەبارەت بەو ڕوداوو دووپارچەبونەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو پیکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست دەرکرد کە بڕیارەکان بلاو بونەتەوە، من پێم وابێت ئەم خاڵەیان دەکرێت خاڵێ جیاکەرەو تایبەتی ئەم پلنیۆمە بیت. بەتایبەت هەڵویست وەرگرتن لەو ڕوداوە تەنها مەسەلەیەکی تیۆری یان فکری نیە، بەڵکو ئەو ئینسجامە باڵایە کە من بینیم ئاماژە بە هیزو پۆتانسیۆلی کۆمۆنیزمی دەخاڵەتگەری مەنصوری حیکمەت دەکات، من پیم وابیت، ئەو ئینسجامە بۆخۆی پێش ئەوەی ئینسجامێکی تیۆری یان فکری بێت ئینسجامێکی عەمەلیەو هاوڕێیانی ئێمە دروست لە نێو چوارچێوەی خەباتێکی گرانو ئاڵۆزدا ڕیگای دروستی خۆیان هەڵبژاردوە. بەمانەیەك پلنیۆم وە جیگای تایبەتی ئەم پلنیۆمە ئەوەیە، کە پاریزەری دەستکەوتەکانی مەنصوری حیکمەت بوو، لە پیناو بیناکردنی حیزبێکی سیاسی شورشگێرو مارکسیستدا. وە بەم پێیە من پیم وابیت دەبێت ئەم پلنیۆمە لەگەل باقی زەمینەکانی تردا کە حیزب لێی بەهرەمەندە دەتوانێت فاکتەرێکی تری پۆزەتیڤ بیت، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی حیزبو خەڵکی کرێکارو جەماوەری بەرینی بەش مەینەت. دوبارە سوپاستان دەکەم.

**بەگشتی ئەنجامەکانی پلنۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی چو ن لیکدەدەنەوە وچ تەوە قعاتیکتان لیی هەیە، هاوکات چ جیگایەکی تایبەتی ئەم پلنۆمە لەژیانی سیاسی حزبدا ولەخەباتی دا بەرەو وەدیهینانی ئامانجەکانی دەبینن؟**

**شەماڵ علی**: پلنیۆمی 15 یەکێك لەو پلنیۆمانە بوو کە لە ڕووی سیاسیەوە لە ڕووی ئەو نەخشانەی تیایدا تەرح و پەسەند کرا زۆر دەستپر و بەرهەمدار بوو، بەڵام دیارە هەمیشە هونەری سیاسەت لە جیبەجیکردنی نەخشەکاندایە نەك پیشنیار و پەسەند کردنیان، سەرکەوتنی هەر کۆبوونەوەیەکی سیاسی لەم بابەتەش بە شیوەیەکی سەرەکی بە ئایندەکەیەوە بەستراوە. بە بروای من ئەگەر ئەو نەخشە سیاسیانەی لە پیلینۆمی 15 بریاری لەسەردرا جیبەجی بکریت، پیلینۆم خاڵی وەرچەرخانیکی گرنگ دەبیت لە ژیانی سیاسی هەموو جوولانەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و هەموو چەپی کۆمەڵگای عیراق بە گشتی.